# ئەو گوڵە پێویستی بە تیشکی خۆرە

مۆبایل ئەو ئامێرەیە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ توانا و تایبەتمەندییەکانی زیاد دەبن، جار لەگەڵ جار گۆڕانکاری لە قەبارە و دیزاینی ئەو ئامێرەدا دەکرێ، ئێستا زۆرتر هەوڵەکان بۆ ئەوەیە کە ئەو ئامێرە بە وزەی کارەبا کار نەکات بگرە وزەیەك لە خۆ بگرێ کە دابینکردنەکەی دژوار نەبێ، بۆ نموونە هاندی leaf phone کە بەم دواییە لەلایەن کۆمپانیایەکی ژاپۆنی هاتۆتە بەرهەم وەك پەڕەی گوڵ دەچێ، ئەو هاندە



بەو شێوە و دیزاینەی کە هەیەتی بە هاندێکی لایەنگری سروشت دادەنرێ. ڕواڵەی هاندەکە هیچ وەك مۆبایل ناچێت، بگرە وەك دوو پەڕەی گوڵ دەچێ، کە بەهۆی لقەکانیانەوە پێکەوە پەیوەند دارن. پەڕەیەکیان کیبۆردی هاندەکەیە و ئەوەی تریان شاشەکەیەتی. یەکێك لە تواناکانی ئەو هاندە ئەوەیە کە بە ئاسانی دەکرێ بەهۆیەوە بە هێڵی ئینتەرنێت لە پەیوەندی دابی. پاتری هاندەکە بە خۆر شەحن دەبێتەوە.

ناساندنی پرۆگرامێك

# فیلمە DVDیەکان بە پرۆگرامی Sonne DVD Burner بسپێرە

لە سەردەمی ئێستادا فیلمی DVD شوێنی فیلمی کاسێتی گرتۆتەوە، چونکە شێوازی سوود لێوەرگرتنەکەی ئاسانە و قەبارەی بچووکە و بە گۆڕانکاری کەش و هەوا تێك ناچێ و چەندین تایبەتمەندی خۆی هەیە، بەڵام بۆ کۆپی کردن و چێکردنی فیلمێکی DVD پێویستە پرۆگرامێك هەبێ کە فیلمەکە بکاتە پارچە پارچە و بە فۆرماتێکی گونجاو کۆپی بکات. پرۆگرامی Sonne DVD Burner یەکێك لەو پرۆگرامانەیە کە دەتوانێ لەو بوارەدا سوودێکی زۆری هەبێت. ئەو پرۆگرامە توانای کۆپی کردنی گشت جۆرەکانی DVD هەیە و لە زۆربەی فۆرماتەکانیش پشتیوانی دەکات. شێوازی بەکارهێنانەکە زۆر ئاسانە و بەجۆرێك ئەوانەی کە شارەزاییەکی ئەوتۆشیان نییە تووشی گرفت ناکات.

ئەو پرۆگرامە توانای ئەوەی هەیە کە ڤیدیۆیەکان لەسەرەتادا بەشێوەی Capture لێبکات و پاشان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بیکات بە DVD و دواتر لەسەر DVDیەکانی ماڵەوە بیخوێنێتەوە. بۆ هەر کام لە فیلمەکان مینۆیەکی تایبەت دادەنرێ تاکو لەکاتی سەیرکردندا بکرێ بەئاسانی سوودی لێوەربگیرێ.




# چارەسەرکردنی جولەی ماوسی لاپتۆپ


کۆمپیوتەری لاپتۆپ بە چەندین هۆکارەوە باشترە لە کۆمپیوتەری دیسکتۆپ، هۆکارەکانی وەکو بەئاسانی ڕاگواستن و هەڵگرتن، نەبوونی گرفت لە کاتی کوژانەوەی کارەبادا، کەم کێشی... هتد. لاپتۆپ ئامێرە لاوەکییەکانی لەگەڵ خۆیدایە و بەمەش جێیەکی زۆر ناگرێ وەك ماوس و کیبۆرد.. بەڵام گرفتێك لە ماوسی لاپتۆپ دایە ئەویش بەهۆی ئەوەی کە ماوسەکە لەمسییە، بەشێوەیەکی لەناکاو ماوسەکە دەڕوات، بۆ نموونە کاتێك بابەتێك تایپ دەکەی لەناکاو ماوسەکە دەچێتە شوێنێکی دیکە، بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە سەرەتا بچۆ بۆ بەشی Windows Notification Area ئەو بەشەی کە کاتژمێری سیستەمەکەی تێدایە، لەو بەشەدا دەکرێ بەشی لە مسی ماوسەکە لە ئەکتیڤ بوون ڕابگری.



# تەکنەلۆژیای دیجیتالی سەردەم

## هەر سایتێک بەو زمانەی مەبەستتە بخوێنەوە

زۆر لەمێژنییە دینەمۆی دۆزەرەوەی سایتەکان سەر بە کۆمپانیای گوگل واتە "گوگل کرۆم" بەرهەم هاتووە، بەهۆی چەندین تایبەتمەندی کە لەو پرۆگرامە دایە بەراورد بە پرۆگرامە هاوشێوەکانی خۆی لە پێشترە، نوێترین تایبەتمەندی کە لە گوگل کرۆمدا زیاد بووە ئەوەیە هەر سایتێك کە مەبەستتە دەتوانی بەو زمانەی کە شارەزاییت بەسەردا هەیە بیخوێنیەوە واتە ئەو پرۆگرامە سایتەکە وەردەگێڕێتە سەر زمانی مەبەست. هەرچەند بەداخەوە زمانی کوردی تێدا نییە، بەڵام زمانی عەرەبی و فارسی و تورکی تێدایە.




## سەلاجە و ئینتەرنێت

ئینتەرنێت شارێگای ئاڵوگۆڕی زانیارییە لە جیهاندا، جیهان بەهۆی ئینتەرنێتەوە نەتەنیا وەك گوندێك، بەڵكو وەك بنەماڵەیەكی لێهاتووە، زانیارییەكان زۆربە خێرا رادەگوێزرێن، بۆ سوود وەرگرتن لە ئینتەرنێت بەرلەهەموو شتێك پێویستە كۆمپیوتەر هەبێت، هەرچەندە مۆبایلیش ئێستا جێگرەوەیەكی باشی كۆمپیوتەرە و ئامێری دیكەش هەن كە تایبەتن بە گواستنەوەی هێڵی ئینتەرنێت. لەم دواییانەدا كۆمپانیایەك سەلاجەیەكی بەناوی Zipel e-Diary بەرهەم هێناوە كە شاشەیەكی لەمسی 10 ئینچی هەیە و بەهۆی ئەو شاشەیەوە دەكرێ سەیری ئینتەرنێت بكەی و كابانی ماڵەوە لەگەڵ كاری ماڵەوەدا ئیمێلەكەشی بكاتەوە. سەرەڕای هێڵی ئینتەرنێت ئەو سەلاجەیە سیستەمێكی پێشكەوتووی تێدایە كە رێژەی وزەی كارەبا كەم دەكاتەوە.



## داهاتوو پێشبینی بکە



ئەوە ئاواتی مرۆڤە کە بزانێ لە داهاتوودا چ روو دەدات؟ ئایا سبەی باران دەبارێ؟ کەشوهەوا چۆن دەبێ، سبەی دەکرێ بچیە سەیران؟ ئامێری تەکنەلۆژی ECO+ ئەو ئامێرەیە کە بە کۆکردنەوەی داتاکانی کەشوهەوا بۆ نموونە پلەی گەرمی وساردی، رادەی شێ، دەتوانێ کەشوهەوای داهاتوو پێشبینی بکا. ئەو ئامێرە وزەی پێویستی خۆی لە خۆر وەردەگرێ.

## یەکەمین کۆمپیوتەری سێ رەهەندی جیهان




کۆمپانیای MSI کۆمپیوتەرێکی نوێی داهێناوە، کە دەکرێ بڵێین یەکەمین کۆمپیوتەری سێ رەهەندییە لە جیهاندا، ئەو کۆمپیوتەرە شاشەیەکی 24 ئینچی LED لەگەڵدایە، دەکرێ بە چاویلکەی سێ رەهەندی سەیری بکەی. بەڵام گرفتی سەرەکی ئەو کۆمپیوتەرە ئەوەیە کە فیلمی سێ رەهەندی دەبێ بۆ پەیدا بکەی، هەرچەندە پرۆگرامی تایبەتیش هەیە کە فیلمە ئاساییەکان دەکاتە فیلمی سێ رەهەندی.



## GPSی دەستی

ئامێری GPS ئەو ئامێرەیە کە دۆزەرەوەی شوێنی جوگرافییە، ئەو ئامێرەتاکو ئێستا سوودێکی زۆری بە کۆمەڵگای مرۆڤایەتی گەیاندووە، لە وڵاتانی پێشکەوتوو ئەو ئامێرە، وەك ئامێرێکی پێویست بۆ دەست نیشانکردنی رێگا ترافیکیەکان سوودی لێوەردەگیرێ. هەرچەندە ئەو ئامێرە زیاتر بۆ ئۆتۆمبیلەکان بووە، بەڵام لەم ماوەیەدا بۆ ئەوانەی بە پیادەش سەفەر دەکەن ئەو ئامێرە بەرهەمهێنراوە. ئامێری GPS بۆ پیادە وەك لایتێك دەچێ، شوێنی رێگایەکە دوو سێ هەنگاو پێش پیادەکە دەست نیشان دەکات.